# نزایەک لای ئاهورا

زاگرۆس زەردەشتی/ ستۆکهۆڵم

20.03.07

نەورۆژ جەژنی نەتەوەیی و سەرهەرلدان و بەرخۆدانە. نەورۆز، رۆژی ئازادی و خۆشەویستی و گەردنئازادی و لێبووردن. نەورۆز بەزینی سوپای تاریکی و سەرکەوتنی خۆری رووناکی و ژیاندنەوەیە.
نەورۆز سمبووڵی نەبەزین و پاڕاندنەوەیە لە ئاهورا، کە بە گەورەیەتی و دلۆڤانی خۆی ئەم نەتەوە ستەمدیدەیە، لەبەلاکانی ئەهریمەن بەدوورخات. ئێمەش لای خۆمانەوە سوێند بە رووناکی، بە رۆژە رووناک و پیرۆزەکانی هەفتە، بە
( مۆمە) تاریک بەزێنە داگیرساوەکانی هەفتە، بە (شەم) ، بە (یەکشەم) بە (دووشەم) بە (سێشەم) بە (چوارشەم) بە (پێنجشەم) بە (هەینی). دەخۆین، کە گەرمی و رووناکی کڵپەی ئاگری نەورۆز لە گیان و لە مێشکماندا، لە جۆشی سۆز و پەرستنی ئاهوردا بێت. بەڵکو تیشکە زیوینیەکانی خۆر، بەسۆز و خۆشەویستی ئاهورا گەرمانکاتەوە و گیانی نەتەوەیمان لە هەموو دەرد و ئازار و بەلایەک بەدوورخات.
ئەی ئاهورا تو گەورەیەتی خۆت، بێبەشمان مەکە لە (بیری باش، وتەی باش، کرداری باش).
(نزای کوردێک).

بەرێزانم جەژنی نەورۆزتان پیرۆز ....
شەوی 20 ئەم مانگە، کاتژمێری هەشتی ئێواری بە کاتی سوید، کە دەکاتە 10 ی شەو بە کاتی کوردستان، زەنگێکی تەلەفۆنێم بۆ دایکم کرد، بە مەبەستی هەواڵپرسین و پیرۆزبایی جەژنی نەورۆز، دایکم ژنێکی پیر و تەمەنی لە هەشتاکاندایە، هەر بۆیەش نەدەکرا پێش ئەوەی کە پیرۆزبایی جەژنی نەورۆز لە دیکم بکەم، ئەو پیرۆز باییە لە هاوڕێ و دۆست و ناسیاوەکانم بکەم.
من کردوومە بە پیشە، ناکرێت ئەو رۆژە لە کەس و هاوێیان و دۆستانم پیرۆز نەکەم. رۆژی نەورۆز بیرۆزترین رۆژە، رۆژی ژیانەوە و گەردنئازادی و لێبووردن و شایی و گۆڤەندە. نەورۆز رۆژی بەسەرکردنەوەی یەکتری و پەیمانە. نەورۆز ، جگە لەوەی یەکەم رۆژی بەهارە، رۆژی دڵداری و ئەوین و هەڵبژاردن و زەماوەندە.
کورد نەتەوەیەکن هەمیشە بۆ خەبات و ئازادی گەرمن. بۆ دۆستایەتی و خۆشەویستی گەرم و گوڕتن، ئەم گەرمی و گورییە، گەرمی و تینی ئەو خۆرەیە کە نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتیەکەی بارگەیکردووە، نەتەوەی کورد هێندە خۆری خۆش دەوێت، هەر بۆیە لە ئالاکەشیدا وێنەی خۆر هەیە.
پرسیارەکە ئەوەیە نەتەوەیەک هێندە ئەوینی رووناکی و خۆر بێت، چۆن دەکرێت بە تاریکی و کۆیلەیەتی رازیبێت...!؟ گەنگەگازە(مەحال) خۆر و ئازادی، رووناکی لەم نەتەوەیە بدزێت و تاریکی و وێرانی و کۆیلەیەتی بکرێتە مەدالیا و بکرێت بە یەخەیەوە
نا...نا، کورد خۆرپەرستە، کورد رووناکیان دەوێت. کورد رەنگەکانی تیشکی خۆریان خۆشدەوێت، کە بریتین لە کەسک و سوروو زەرد. کورد هەمیشە دڕیان بە تاریکی داوە، نەتەوەی کورد بەدرێژایی هەزاران ساڵ لەشکری تاریکیان بەزاندووە.
هەربۆیە یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز بۆ نەتەوەیەکی داگیرکراوی کورد. یادکردنەوەی ژیان و سەرهەڵدانە.

له ولاتانی ئەورووپاش کوردانی ئەوێندەرێ، کە کوردی هەموو کوردستانی گەورەی تێدان، یادی نەورۆز بە شێوەی جۆراو جۆر پیرۆز دەکەن، یەکێک لەو ولاتانە لە سکەندەناڤیا، ولاتی سویدە، کە تا رادەیەک کوردی هەموو پارچەکانی کوردستانی تێدایە.
بەلام ئەوەی جێگای رامانە، ئەوەیە، کە( فیدراسۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان....!!!) هەموو ساڵێک، یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز و ئاگری نەورۆزیان بۆ خۆیان بە میرات کردووە.
هەموو ساڵێک ئەم (کۆمەلە فیدراسۆنە) بە شێوەیەکی زۆر نا شارستانی و دوور لە هەموو هەست و کولتورێکی نەتەوەیی، ئاگری نەورۆز و جەژنی نەتەوەیی، نەورۆز ، بەرێدەخەن...!!!!؟؟.
دیمەنێک لە ئاهەنگەکە.
ئاهەنگەکە لە ولاتی سوید.
شاری ستۆکهۆڵم.
ناوچەی جوگرافی، باکووری ستۆکهۆڵم.
ئەو شوێنەی ئاهەنگەکەی تیا ساز دەدرێت. ناوچەیەکی دارستانە، لە نێوان دوو گەرەکی گەورەی سویدایە. کە بە( رینکنی و تێنستا) بەنێوبابگن، شوێنەکەش ناوی (ئێگبی گۆردە) لەبەر ئەوەی کە لە ولاتی سوید لە 20.3 دا هێشتا بەفر بەتەواوی نەتواوەتەوە، یان باران هەردەبارێت. ئەوەش بەو مانایە دێت کە هەم سارد و هەم ناو دارستانەکان قوڕ و چڵپاوە. بەلام وادیارە ئەم جۆرە بیرکردنەوانە بۆ فیدراسۆن جێگای سەرنج و پیرۆزی نەورۆز جێگای بایەخ نین، هەر بۆیە هەموو ساڵێک کوردێکی زۆر لەوێ کۆدەکرێتەوە و بە تاریکی و بەبێ هەبوونی تەنیا گڵۆپێک و رووناکیەک لە تاریەکی ئەنگوستە چاودا، کوڕان و کیژانی کورد بە پەلکوتان، مندالان بەگریان پیاوی کەمێک بەسالا چوو بە جلوبەرگی کوردیەوە، دوورنێ لە رەوەکەی ساڵی 91 مرۆڤ ئەوە دیمەنەی دێتەوە یاد، لە تاریکیدا کەس کەس نابینێت، گریانی منداڵ، ئاخر منداڵ لە تاریکی و قەرەباڵخی کوتوپڕ و نامۆ بە دنیای ئەوان، دەترسن، ترسانییان لە تاریکی و ئاپوورەی ئەو خەڵکە، بە گریان دەری دەبڕن.
هەندێک منداڵی سەروپێچکەش لە دایک و باوکیان بزر ببوون.
بە 10 مەتر لەو لاوە، لە بەر رۆشنایی پرۆژێکتۆرێک کە تاکە رووناکی ئەو دارستانە بوو، کۆمەڵێک گەنج لەو قوراودا، بە دەم گۆرانیەکی کرمانجیەوە. (تاریق، تاریق) لە هەڵبەزەو دابەزەدا بوون.
چاو چاوی نە دەبینی. هەندێ کەس لامپای دەستان لەگەڵ خۆیاندا هێنا بوو، لەبەر ئەوەی لە دەمێک ساڵەوە بەم هەلۆیستە نانیشتیمانیەی فیدراسۆن ئاشنا بوون. بەلام ئەو خەڵکە پاکە کوردن و نەورۆز لە خوێنیاندایە بۆیە بەدەیان کیلۆمەتریان بۆ یادی ئەو جەژنە نەتەوەییەیان بڕیوە.
لە پرێکدا گۆرانی راگیرا، کۆمەڵە لاوەکە، کە لەو تاریکیە ئەنگوستە چاوەدا، کە سەرگەرمی جۆشی گوێگرتن لە مۆسیک و گۆرانیەکە بوون، وەک ئەوەی بۆ سلاوی کۆماری بێدەنگ بن. هەموو وەستان...!
لە بڵند گۆوە. ئەم دەنگە گەیشتە جەماوەر .
(بەرێزان کێ تەلەفۆنێکی دەستی دۆزیوەتەوە، تکایە بیهێنێ بۆ ئێرە).!
سەیرەکە لەوەدایە، کە لەو تاریکستانەدا، دایک بە دوای منداڵی ونبوویدا دەگەرا، منداڵ بە دووی دایکیدا، مرۆڤەکان چاویان لەبەر پێی خۆیان نەبوو. کەچی ئەو بەرێزە دەیگوت:" کێ تەلەفۆنێکی دۆزیەوتەوە با بیهێنێت بۆ ئێرە"...! . هەر دووای ئەو بانگەوازە..... خانمێک، پێدە چوو بەرپرسیاری فیدراسۆن بێت، بە بڵنگۆ لەو تاریکاییەدا پیرۆز بایی لە خەڵکەکە کرد و گوتی:
"هەڤیدارم سالیدن ئەم جەژنە ڤەگەرێنە کوردستانێ مەزن). بەخوا تەواومانکرد...! ئەو خانمە دەیەوێت ئەم تاریکستانە، لە ولاتی بەشەو رووناکستانی سوید بەرێتەوە سەر تاریکستانەکەی کوردستان.

بەرێزم... کە تۆ گوڵنیت دڕکیش مەبە. تۆیەک بە ناوی کوردە وە خەریکی پارە خواردنی. تۆیەک کە نەورۆزی کورد بەو جۆرە پیرۆز دەکەی هیوای چی بۆ گەلێکی ستەم دیدە دەخوازی...!؟ ئەی خوای تاریکی. دەبێت گەلی کورد چ هیوایەکی بە هەڵخەڵەتێنەرێکی وەک بەرێزتان بێت...!؟.

لەبری ئەوەی کە فیدراسۆن بە باوەڕێکی نیشتیمانی و نەوتەوەییەوە نەورۆزیان پیرۆزبکردایە، لەبری ئەوەی کە فیدراسۆن، نەورۆزیان بکردایە بە جەژنی یەکێتی نەتەوەیی، لەبری ئەوەی فردراسۆن، ئامادەکاری بۆ کوردانی سوید بکردایە، بە ئامادەکردنی گروپی مۆسیک و ستران و گۆڤەند و هەڵپەرکێ و خواردنی کوردی لە هەموو ناوچەجیا، جیاکانی کوردستانەوە، لەبری ئەوەی فیدراسۆن، ئامادەکاری گروپی تایبەت بە جلوبەرگی کوردی ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستانی لە شانۆیەکی ئامادەکراودا نیشانی جەماوەر بدایە، لە بری ئەوەی کە جەژنی نەورۆز بکرایە رۆژی ناسینی خەڵکانی سویدی و بیانیەکانی ناو سوید بە کێشەی کورد و بە کولتور و مێژووی کورد ئاشنابکرانایە. لە بری ئەوەی کە فیراسۆن کارێکی وای بکردایە کە کچان و کوڕانی گەنجی کورد لەم بۆنە پیرۆزەدا ئاشنای یەکدیبن، لەم تاراوگەیەدا ئەوین و خۆشەویستیان ئاوێزانی یەکتری بکەن، کورد پارێزگاری لە بوونی خۆی و داکۆکی لە کولتوری خۆی بکات بوونی خۆی بکات. بەلام مەخابن (فیدراسۆی بە ناو کۆمەڵە کوردستانیەکان)..! لە رۆژێکی ئاوا پیرۆزدا دەبنە تارمایی بۆ سەر کولتور و پیرۆزی نەتەوەیی و خەندە و ئەوین و بزەی سەرلێوی کیژان و کورانی کورد و مندالانی کورد، لەم ئاوارەیی و تاراوگەیەدا نوقمی تاریکییان دەکەن.

فیدراسۆن بەم کارەشیان نەک هەر خزمەت بە کورد و گەلی کورد ناکە،. بەڵکو بەم کارەیان گەورەترین تاوان بەرامبەر بە گەلی کورد تۆماردەن.

هۆنەرێکی کورد دەڵێت:

<"وا ئینگلیز دایکی حەبەشەی بۆ گای......... بۆ قسەناکەی خۆ لای خۆت خوای..؟

ئەگەر خوایەتیت بۆ ناکرێ ئیتر......... ئەو شوێنە چۆڵکە بۆ یەکێلی تر.